

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

له پێناوی مرۆڤدا

❖ نووسینی : م . گۆران

❖ نەخشەسازی : تەحسین حوسێن

❖ تیراژ : 1000 دانە

❖ قەبارە : 14 سم × 22 سم

وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەی سپاردنی (497)ی ساڵی (1999) پێدراوە

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بەشی یەکەم

خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ گۆڕان

ئەوەی جێگای گوتن بێ (مافی مرۆڤ) بەر لەوەی خۆی لە نێو چوارچێوەی یاسا داڕێژراوەکان بدۆزێتەوە، وەکو یاسای تایبەتی هەر ولاتێك یا بەندەکانی جاری گەردوونی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەکان و پڕۆتۆکۆلە نێو دەوڵەتیەکان ئەوا سەرەتا خۆی لە کردار و ڕەفتار و سیستەمە ئەقلانیەکانی مرۆڤ دەدۆزێتەوە کە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.

وەکو ئەوەی ئاشکرایە بەر لەوەی تەنیا یاسایەکی داڕێژراو یا نووسراو هەبووبێ مرۆڤ هەوڵی داوە پەیوەندیەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵی مرۆڤ دیاری بکات، ئەوەی تەنیا پشتی پێ دەبەست هەست و سۆز ئەو بیرو بۆچوونانە بوو کە لە پڕۆسەی ژیانە کۆمەلایەتیەکەدا وەدەستی هێنابوو، تێڕوانینی مرۆڤ لە عەقڵ و ماددە و دنیای دەرەوەدا، هەروەها لە تێڕوانینە ئەندێشاویەکان و خەیاڵیەکان و ئەو ڕەمزانەی کە بۆ خۆی دروستی کردبوون .

مرۆڤ هەر لە زووەوە پەنای بۆ سەدان شت، چ خەیاڵیەکان و چ شتە ماددیەکان بردووە بۆ ئەوەی ئەو ڕێچکەیەی نیشان بدات کە ئازارەکانی ژیان و تێفکرین و بگرە زۆرجار کە ئەم بیروباوەڕانە تەنیا خۆ هەڵخەڵەتاندنێك بووە ڕاڤە بکات و لە ئەنجامدا خۆی لەنێو ئەم کێشە و ململانێیەدا بدۆزێتەوە ئەم حاڵەتە لە کاتێکدا بە ڕوونی سەری هەڵدا کە دنیای ماددە جێگای پەیوەندیە سۆز و

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

هەستیارەکانی لەق کرد و کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە چەند چینێك هێنایە ئاراوە.

لە ئەنجامی هاتنە کایەی چینەکان و سەرهەڵدانی چەندین (چەق)ی شارستانی لێرە و لەوێی دنیادا بە تایبەت شارستانیە ڕۆژهەلاتەکان لە هیند و بابل و میسر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵبەستە فراوانەکانی مرۆڤ دروست ببن و ئیمپڕاتۆرییەت و شارستانی گەورە گەورەی لێ دروست ببێ و هێزش بردن بۆ سەر یەك و تەفروتونا کردنی یەکتر و یەکتر قوتدان دروست ببێ.

ئەم خاڵە لێرەدا بەجێ دەهێڵین و ئەو پرسیارە دەکەین، ئەو شتانە چین کە مرۆڤ بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی کۆمەڵ و پاراستنی بەرژەوەندیە کەسی و کۆمەڵیەکان پشتی پێ بەستوون !؟؟

پێم وایە نکۆڵی لەوە ناکرێ کە سەردەمی لاهوتی، مرۆڤ بۆ هەر حاڵەتێك و دیاردەیەك خودایەکی دانا بوو بۆ هەر کارێکی پێویست هەریەکەی بۆ خوداکانی خۆیان دەگەڕانەوە، ئەم قۆناغە ئەگەر ماوەیەکی دوورودرێژی هاژوا لە سەردەمی بەردینی کۆنەوە تا دەگاتە سەردەمی برۆنزی کە دووهەزار ساڵ پێش زایین دەگرێتەوە و لە دوای سەرهەڵدانی سەردەمی ئاسن کە لە هەزار و دووسەد ساڵ پێش زایین دەگرێتەوە و لە دوای سەرهەڵدانی سەردەمی ئاسن کە لە هەزار و دووسەد ساڵ بەر لە زاین دەست پێ دەکات هەر درێژەی هەبووە.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

تا ئێستاش له زۆر شوێن و شوێنەوارەکانی خۆی ماوە، ئەگەر قۆناغی میتافیزیکی دەربێکی کاریگەری لەسەردەمی لاهوتی دا، بەڵام بەهۆی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی و هاتنە کایەوەی قۆناغی وەزعی یاخود وەکو ئەوەی زۆر جار بە قۆناغی زانستی ناوی دەبەن خۆشی کەوتە بەر شەپۆلی ڕامالینی بیرە مرۆڤایەتیە تازەکانەوە، ئەگەرچی ئەفلاتون و هیگڵ و کانت کە ڕابەر و پێشەوای بیرە میتافیزیەکانن و، سەرباری پەیامی پێغەمبەرەکان، بەڵام ئەمانەش کەوتنە بەر بۆ چوون و شاڵاوە فەلسەفیەکانی ئەرستۆ و ڕاسڵ و مۆر و ماركسەوە.

بگرە تا ئێستا ئەم دووبەرەیە لە مشت و مڕییەکی توند و تیژدان و بگرە دەیان و سەدان خوێندنگای لێ بووەتەوە و هەریەك بەدەیان و سەدان زانا و بیرمەند و فەیلەسوفی لە دەوردا گرد بوونەتەوە.

لە سەرووی ئەم هەموو شتانەوە شتێك هەیە پێی دەووترێ (ماف) ئێمە لە زۆر شوێن ئاماژەمان بەوە کردووە کە ماف شتێکی سروشتیە و ڕەهایە بەڵام ئەم ڕەهایە چی یە. وەکو ئەوەی لەسەردەمی لاهوتیەکان باسی دەکەن یا وەکو ئەوەی لەسەردەمی میتافیزیکی ناوی دەبەن یا وەکو ئەوەی لەسەردەمی وەزعی یا واقیعی حاڵ ناوی دەنێن. ئێمە لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئەبستراکت بۆ چوونەکانی خۆمان ڕوون بکەینەوە و ئەو بناغەیەش دیاری بکەین کە مافی تێدا دیاری دەکرێ و لەسەر ئەم بناغەیەش یاساکانی داڕێژراو هەڵبسەنگێنن، وەکو

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library